دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی

سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕیو سەرنووسەر

مصلح جەلالی

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

# هاوکاری

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

التضامن

پێنج شەممە ٦/١١/١٩٨٦ ژمارە ٨٦٤ — ١٢ لاپەرە — بە ٥٠ فلسە — الخميس ٦/١١/١٩٨٦ العدد ٨٦٤


**لەم ژمارەیـــەدا**

پاریزگای سلیمانی گەورەترین میهرەجانی

رۆژی پاریزگا.. رۆژی سەرکەوتن دەگێرێت ل٣

# هێزە سەرکەوتووەکانمان دەستی دلێرانە لە دوژمن دەوەشێنن

## زیان گەیاندنی پتر بە دوژمن

هێزە بەجەرگەکانمان بە چالاکیی خۆیان پەرە پێدەدەن و بە بازووی مەردانەو بە سنگی دلێرانە بەرگری لە خاك و سەربەرزیو سەرفرازی دەکەن و لە چالاکییەکانی دوێنێو پێرێ ئەمانەی خوارەوەیان ئەنجام داوە..

لە رۆژهـەلاتی بەسرە بە تانـك و تۆپ چەندین سەنگەری دوژمنیان بۆردومان کردووەو نەیان هێشتووە رەنجی ئەندازیاریی کار بکات جگە پەك خستنی تانکێـك و ئۆتۆمبیلێك و کوشتنی پێنج کەس و نغروکردنی بەلەمێك و وێران کردنی حەوت سەنگەری پیادەو کوشتنی ژمارەیەك لە دوژمن و تێك دانی کۆمەڵێك تەقەمەنیو رووانگەیەك و شوێنی رەشاشێك.

لە کەرتی فەیلەقی حەوتیش دوو کەسی دوژمنیـان کوشتـووەو دوو کۆمـەڵ تەقـەمـەنییـان ئاگـر تێبـەرداوەو لە کەرتی ناوەڕاستیش سێ سەربازی دوژمنیان کوشتووەو یەکێکی تریان بریندار کردووە سەرەرای ئاگرتێبەردانی دوو کۆمەڵ تەقەمەنی لە کەرتی رۆژهەلاتی میسان.

هەروەها لە کەرتی فەیلەقی سێ ئاگربارانی سەنگەرەکانی دوژمنیان کردووەو زیـانێکی زۆریـان پێگـەیـانـدووەو نۆ کەسیـان کوشتوون و ژمـارەیـەکی تریـان برینـدارکردوون و یەك هاوەنی (٦٠ملم) یان تێك شکاندووەو سەنگەری رەشاشێك و سەنگەرێکی پیادەیان وێران کردووەو ئۆتۆمبیلێکیان پەك خستووە.

جگـە لەوەی لە کەرتی ناوەڕاستیش ئاگـربـارانی سەنگـەرەکانی دوژمنیـان کردووەو زیانیان پێگەیاندووەو ئۆتۆمبیلێکیان پەك خستووەو دوو سەنگەری پیادەو رووانگەیەکیان تێك داوە.

لە کەرتی فەیلەقی حەوتیش دیسان ژمارەیەکی سەربازی دوژمنیان کوشتووەو بریندارکردووە جگە وێران کردنی دوو مۆڵگەی تەقەمەنی... سەرەرای وێـران کردنی حەشـارگـەیـەکی کەسیوکوشتنی ژمارەیەك لەوانەی تێیدابوون لە کەرتی باکوور.

**نەتەوە یەکگرتووەکان**

## پرۆژەی بریارێکی عیراق بۆ راگرتنی هەر هاریکارییەك پاڵپشتی توانا ئەتۆمییەکانی زایۆنیی دوژمن بکات

عیراق داوای لە رێکخـراوی نەتـەوە یەکگـرتووەکان کردووە پاڵ بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتییەوە بنێت هەنگاوی کاریگەر بهاوێژێت وا لە قەوارەی زایۆنی بکات ناچار بێت دەزگا ئەتۆمییەکانی بخاتە ژێر چاودێری وەکالەی وزەی ئەتۆمیی نێو دەوڵەتییەوە.

لە پرۆژەی بریـارێك دا کە شەوی سێشەممە بە لیژنەی ئاسایش و رامیاریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی داوە داوای لە وەکالەی وزەی نێو دەوڵەتی کردووە هەموو هاریکارییەکی زانستی تەك قەوارەی زایۆنیدا رابگرێت کە لەوانەیە بارمەتیی توانا ئەتۆمییەکانی بدات.

هەروەهـا عیراق پەرۆشیی خۆی سەبـارەت بە پەرەسەندنی وزەی ئەتۆمیی زایۆنی دەربری بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە مەترسییەکی راستەقینە دروست دەکـات لە ناوچـەی رۆژهـەلاتی ناوەراست دا.. هەروەهـا هاریکـاریی ئەتـۆمیی نێـوان قەوارەی زایـۆنیو رژێمی رەگـەزپەرستی خوارووی ئەفریقیای ریسوا کردووە.



## سەرەکی فەرمـانـدە صـدام حسین نامەیەکی لە شیراکەوە پێدەگات

بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین نامەیەکی دەستنووسی لە بەرێز جاك شیراك سەرەك وەزیـرانی فەرەنسـاوە وەرگـرتـووە سەبـارەت بە پەیـوەنـدیـی دوو قۆڵیـی نێـوان هەردوو وڵاتـی دۆست و ئاسـۆی پەرەسەندووی لە پێناوی ئاشتیو ئاسایش لە ناوچەکەدا.

بەرێـز مێشیـل نوار وەزیـری بازرگـانیی دەرەوە سەرەکی لایـەنی فەرەنسەوی لە لیژنەی هاوبەشی نێوان عیراق و فەرەنسا بۆ هاریکاریی ئابووریو بازرگانیو زانستیو هونەری لە کاتی چاوکەوتنی بە سەرەکی فەرماندە نامەکەی پێگەیاندووە.

لە چاوپێکەوتنەکەیشدا بەرێز قاسم احمد تقی وەزیری نەوت سەرەکی لایەنی عیراقی لە لیژنەکەداو سکرتێری سەرەك کۆمارو باڵیۆزی عیراق لە فەرەنساو باڵیۆزی فەرەنسا لە عیراق ئامادەبوون.

وتەی هاوکاری

## هەر ئێمە سەرکەوتووین

دوژمنـەکـانـی عیراق، لە رژێمی ئێران و زایـۆنییـەکـان و عەرەبـە خیانەتکارەکان، بەهەڵەدا چووبوون کاتێك وایان زانی بەو جەنگەی کە لە ٤ی ٩ی سالی ١٩٨٠دا هەڵیان گیرساند، توانای ئەوەیان هەیە بەری رووناکیی شۆرشە مەزنەکەی عیراق بگرن و، لەماوەیەکی کورت دا ئامانجی رەشی نێو مێشك و دەروونیان بەدیبهێنن و گەلی عیراق و خاکی عیراق بەگوێرەی نیازی چڵکنـی خۆیـان دەسـت بەسـەرو داگـیر بکـەن و بەرو بوومی وڵاتی شارستانیەت و مێژوو بۆ خۆیان و ئاغاکانیان ببەن و گەلیش سەرکوت بکەن..

بەڵێ، نەك یەك جار بەهـەڵەدا چووبـوون، بەڵکو هەزار جار بەهەڵەدا چووبوون و، وایان زانی ژمارە زۆریی دانیشتووانی ئێران لە بەرژەوەندیی ئەواندایە، کەچی ئەوە جەنگەکە پێی ناوەتە حەوتەمین ساڵەوەو، گەلی بەبرواو مەزن و دلێری عیراق بە سەرکـردایـەتیی سەرەکی داناو تێکۆشەر هاورێ صەدام حسەین لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر هەنگاو دەهاوێژێت و، لە بەرەکـانی جەنگ دا بەو پەری دڵنیاییو باوەر بە خۆبوونەوە، کە خۆی لەسەر هەقەو بۆ هەق و بۆ خاك و بۆ مێژوو دەجەنگێت، بەری لافاوی کوللەی زەردی ئەو دوژمنـە چەپـەڵەی گرتـووە، کە دەیـەوێت بەو چەشنـە خۆی بخـەڵەتێنێت و گەلانی ئێران سەرکـوت بکات و پەرە بە رۆژی رەشی خۆی لەسـەر تەختی کاربـانـێن و جەنـگ دژی عیراق بدات، کەچی رووداوەکان هەمـوویـان ئەوەیـان سەلماندووە کە ئەو رژێمە بەهەڵەدا چووە، ئەوانیش تەمبێی دەکەن ئەوانیش هەر بەهەڵەدا چوون، چونکە گەلی عیراق ئەوەندە زۆرە سەرەتای هەیەو کۆتایی بۆ نایەت و، نەك حەوت ساڵ بەڵکو ئامادەیە دەیان ساڵ بجەنگێت و خاك و سەربەرزیی وولات بپارێزێت.

سوپای عیراق و پاڵپشتیگەرییەکەی کە ئەوەندە زۆرن، لە ئەژمار نایەن، ئەوەیان چەسپاندووە کە توانای عیراق هەرگیز کۆتایی نایەت و ئەو کانییە روونەیە هەر هەڵ دەقوڵێت و توانای ئادمیزادی کۆتایی نایەت، ئەوەبوو لە پاش جەنگەکانی فاوەوە تا ئێستا پتر لە ٦٧٧ هەزار جەنگاوەر بەئافرەت و پیاوەوە مەشقیان کردووەو فێری چەك بەکار هێنان بوون، تا ئەو راستییە دووپات بکاتەوە کە توانای گەلی عیراق لەبن نایەت و، هەردەم وزەی نوێ دەخـاتـە رێزی جەنگاوەرە پاڵەوانەکانی سوپاوە، خەونە رەشە پووچەکانی دوژمن پووچەڵ دەکاتەوە.

ئەو شەش ساڵیشە گەلی بەوەفای عیراق، بەکارو بە قسەو کردەوە ئەوە دەسەلمێنن کە شایستەی ئەم خاك و نیشتمانەن شاسیتەی سەرکەوتنن ئەو سەرکەوتنەی کە بە دەیان هێناوەو پەرەی دەدەن و دەیچەسپێنن.. ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە هەر ئێمە سەرکەوتووین.

● هاوکاری ●

## هاوکاریی نێوان عیراق و سۆڤیەت

پێریکە بەرێز عصام عبدالرحیم وەکیـل وەزارەتی نەوت سەرەکی لایەنی عیراق لە لیژنەی هاوبەشی هاوکـاری ئابـووریو بازرگـانی عیراق و سۆڤـیـەت دا چاوی بە بەرێـز کونستـانتـین کاتـوشینی سەرەکی لیـژنـەی پەیـوەنـدیی ئابـووری دەرەوەی یەکـێتـی سۆڤیەت کەوت.

لە چاوپێکـە وتنـەکـەدا باسی پەیـوەنـدیی هاوکـاری ئابـووری نێـوان عیراق و یەکێتی سۆڤیەتی کراو لەو پرۆژانەش دوان کە دەزگا سۆڤـیـەتـیـەکـان لە عیراق دا بەجێیان دەهێنن.

بەرێـز عصـام عبـدالرحیم چوارشـەمـمـەی رابـوردوو بە سەروکـایەتی وەفـدێـك گەیشتۆتە مۆسکۆو سەردانەکەی هەفتەیەك دەخایەنێ.

## رژێمی خومـەینی مووچـەی کرێکاران کەم دەکاتەوە

لە چوارچێوەی ئەو رەفتارانەی کە رژێمی خومەینی دژی گەلانی ئێرانـی دەکـا، لەم دوایـیـەدا کاربەدەستانی خومەینی مووچەی کرێکـارانی لە زۆر کارگـاکـان دا کەم کردەوە بۆ ئەوەی ناچـاریان بکا بەرەو بەرەکانی جەنگ بچن.

ئێستگەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لەم بارەیەوە وتی، هەزارەها کرێکـار لە شاری بیرجەو زنجان پێنج مانگە مانگانەیان وەرنەگرتوە بەهۆی ئەو بێ پارەیی‌یەی رژێمی خومەینی تووشی بووە.

## خامنـەئی سەری لێ شێـواو نەیزانی چی بلێ

خامنیەئی لە چاوپێکەوتنێك دا لەگـەڵ گۆڤـاری (پـرشبیگـل)ی ئەلمـانی‌دا وتی (ئـەگـەر هەندی پیـاوانـی ئایینی لەم دواییـەدا کاروبـاری سیاسی بەرێوە دەبەن ئەمـە مانـای ئەوەیـە کە ئەوان شوێنی بروان).

دەربـارەی پایـەی خومـەینی جادوگەریش، خامنیەئی وتی (تاکە پیـاوی ئایـینی کە دەسـەڵاتی سیاسی پێدراوە خومەینی‌یە) بەڵام ئەو لایەنەی دیاری نەکرد کە ئەو دەسـەڵاتـەی پێ بەخشـیـوە، هەروەهـا باسی ئەو دەستەیەشی نەکرد کە بەرگی ئایینی پۆشیوەو کە جێو پایـەیـان لە فەرمانرەوایەتی خومەینی‌دا هەیەو کە خۆشی یەکێکە لەم دەستەیە.

گۆڤـارەکە کۆمەڵێ پرسیاری لە خامـینـەئـی کرد بەڵام ئەم بە گرژیەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە...

## هەوڵدان بۆ نزیك کردنەوەی بۆن و مۆسکو

قسەکەرێکی حکومەت بە ناوی بۆنەوە شەوی رابوردوو رایگەیاند

کە وەزیـری دەرەوەی ئەڵمـانیای فیدراڵی غانزدیتریش غینشر لەگەڵ

وەزیـری دەرەوەی یەکـێـتـی سۆڤیـەتی‌دا کۆدەبێتەوە بە هەوڵی ئەوەی پەیـوەندیی نێوان هەردوو وڵات باش بکرێ.

ئەوەی شایـانـی باسـە پەیـوەنـدیی نێوان هەردوو وڵات تووشی گرژی بوبـوو بەهـۆی هەنـدێ تێبینی کە راوێـژکـاری ئەڵمانیای فیدراڵی نیشانی دابووو تیایدا هێرشی کردبوە سەر میخائیل گورباتشۆف.

## گرتنی ٥٠٠ لیبی

کاربەدەستانی رژێمی لیبیا لە شارەکـانی تەرابلس و بەنغازیو تەبرق و چوار شاری تری لیبیادا زیاتر لە ٥٠٠ لیبیاییان دەستگیر کردوە، ئەم هەواڵە رۆژنـامـەی (الأخبـار القـاهـریـة) بە ناوی بەرهەڵستکارانی لیبیاوە رایگەیاندو وتی لە ناو گیراوەکان دا قوتابیو کرێکـارو پیاوی ئایینیان تێدایەو کاربەدەستانی رژێم نیازیان وایە حەوت لەم گیراوانە لە سێدارە بدا.

**میسر:**

## پشتگیریی کوێت دەکەین

میسر دووپـاتـی کردەوە پشـتـگـیری لە کوێت دەکـات و یارمـەتیشی دەدات لە کاتێـك دا ئەگەر هاتوو هەر دەستدرێژییەکی دەرەوەی کرایە سەر.

سەرچـاوەیـەکی لێپـرسراوی کوێتـی وتـوویـەتـی ئەو دووپات کردنەوەیە لە نامەیەکدا هاتـووە شیـخ جابـر الأحمـد الصباح ئەمیری دەوڵەتی کوێت لە سەرەکی میسرەوە حسنی مبارك پێی گەیشتووە.

## کـــاری چەکـدارانـەو یاخـیبـوون شارەکـانـی ئێرانیان تەنیوەتەوە

لە ناوچـەی سیسـتـان و بلووجستانی خوارووی رۆژهەلاتی ئێران شەپۆلێکی توندوتیژی کارو چالاکـیی بەرهـەڵسـتـکـارە چەکدارەکانی ئێران و بزووتنەوەی یاخیبـوون چەنـدین ناوچـەی زاهیـدان و بیشن و خاستن و لاشاریان گرتووەتەوە.

سەرچـاوەکـانی بزووتنـەوەی موجـاهیدینی بلووجستانی ئێران وتـوویانە رژێمی تاران هێزەکانی خۆی لە ناوچـەکـەدا خستووەتە باری ئـامـادە باشـەوە پاش پەرەسـەندنی کاری چەکدارانەی شۆرشگـێرانی بلووش و خستنـە خوارەوەی فرۆکـەیـەکی رژێم لە نزیـك زاهـیـدانی پـاتـەختی ناوچـەکـەدا پاش ئەوەی هەوڵی دابـوو لە یەکێـك لە بنکـەکـانی شۆرشگێرانی بلووش نزیك ببێتەوە.

## زۆرانبـازیی نێوان دەست و پێـوەنـدی رژێـمـی ئێران تەشەنەی کردووە

رۆژنـامـەی (سـالزبـۆرگـەر ناخریختن)ی نەمساوی وتوویەتی زۆرانـبـازیـی ناوخـۆی نێـوان دەست و تاقمی رژێمی ئێران لەم دواییەدا تەشەنەی کردووەو بەرەو تەقینەوە دەچێت.

رۆژنامەکە وتوویەتی خومەینیو رەفسـەنجـانیو هەنـدێـك لە دەسـت و تاقـمـی کاربـرانـان لە گرتنی مهدی هاشمی سکرتێری مونتەزریو کۆمەڵەکەی ئەوەبوو لە مونتـەزری رزگـاریان ببێت کەوا بڵاو بووەتەوە هەرەشەی لێکراوەو دەستی لە کار کێشـاوەتـەوە تا تاوانبارەکان رزگار بکات لەوانەیش هادی هاشمی‌ی زاوای خۆی.

لە لایەکی تریشەوە رۆژنامەی واشنتـۆن پۆست وتوویەتی ئێران بە بارێکی زۆرانبازیو هەوڵ دان بۆ دەسـتـەڵات گرتـنـە دەست تێدەپـەرێـت کە لەوەو پێش بە خۆوەی نەدیوە.

## هەڵبـژاردنی شوێن گرەوەی سامۆرا ماشیل

ئێوارەی دووشەممەی رابوردوو لە مابـوتـۆی پاتەختی مۆزەمبیق راگـەیـەنـرا کە جواکیم چیسانۆ وەزیـری دەرەوە بە سەرەکـی مۆزەمبیق هەڵبـژێـررا لە جیـاتی سەرەکـی کۆچ کردوو سامـۆرا ماشیـل کە لە رووداوی کەوتنـە خوارەوەی فرۆکەکەیدا لە نۆزدەی مانگی رابـوردوودا لە ناو خاکی ئەفریقیای خوارووی کوژرا.

رادیـۆی مۆزەمـبـیـق کە هەواڵەکـەی بڵاو کردووەتـەوە وتوویەتی لیژنەی ناوەندیی پارتی فریمیلۆی دەستـەڵات بە دەست تێکرا (چیسانۆ)ی هەڵبژاردووە.

## ئابووریی سووریا تەواوەتی تێکچووە

چـەنـد شارەزایەکی ئابووریی رۆژئـاوا دووپاتیان کردووەتەوە کە ئابـووریی سووریـا گەیشتووەتە بارێکی تێکچووی تەواو تا ئێستا بەو رادەیە نەگەیشتووە ئەویش لە ژێر رووناکیی هەرەسهێنانی بنەما ئابوورییەکان دا.

ئەوەش لەو راپـۆرتـە دوورو درێـژەدا هاتـووە کە رۆژنـامـەی لۆمۆندی فەرەنسەوی بە پێنووسی پەیامنێری خۆی (فرانسواز شیبۆ) نووسیـویـەتی، لەو راپـۆرتـەدا هاتـووە کە تەنـگ و چەڵەمـەی ئابـووری لە سوریـادا وەك واقیعێکی چەسپاو کاریگەر خۆی لە ژیانی هاوولاتیی سوریدا سەپاندووە.

راپـۆرتـەکـە پەنجەی بۆ ئەوە راکێشـاوە کە هەمـوو شتێـك لە سوریادا پەکی کەوتووە، تەنگ و چەڵەمـەی پارەو قەرزاریو نەبوونی پارەی پاشەکەوت هەیە.. تەنـگوچەڵەمـەکە کارگـەکانی گرتـووەتـەوە کە هەمـوویـان داخراوون و کرێی کرێکارەکانیش تا نیوەی دابەزیوە.

سەرەرای ئەوەی کە بازارەکان هیچ شت وەکی رۆژانەیان تێدا دەست ناکەوێت.

Institut Kurde de Paris

